# دەستەواژەکانی (الكثرة) لە قورئاندا

[ کردي – کوردی – kurdish ]

سایتی ئیسلام ویب

www.islamweb.net

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ من ألفاظ ( الكثرة ) في القرآن ﴾

« باللغة الكردية »

موقع إسلام ويب

www.islamweb.net

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# دەستەواژەکانی (الكثرة) لە قورئاندا

هێندێك لە دەستەواژەی قورئانی هەن کە لە ڕووی زمانەوە بەشدارن لەسەر یەك پێناسەکردنیان لەگەڵ هێندێکی تردا، لەگەڵ بوونی چەند جیاوازییەکی کەم، لەوانە وشەی (جمّ) ، وشەی (غدق) ، وشەی (كثر).

دەستەواژەی یەکەم: (جمّ) لەیەك شوێن لە قورئاندا هاتووە، کە بریتییە لە ئایەتی: ﴿وَتُحِبُّونَ الْمَالَ حُبّاً جَمّاً﴾ [الفجر:٢٠]، دەستەواژەی دووەم: (غدق) کە لە یەك شوێن لە قورئاندا هاتووە، کە بریتییە لە ئایەتی: ﴿لَأَسْقَيْنَاهُمْ مَاءً غَدَقاً ﴾ [الجن: ١٦]، هەروەها وشەی (لبد) لە دوو شوێندا هاتووە، لەوانە: كَادُوا يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَداً﴾ [الجن: ١٩] هەروەها ﴿يَقُولُ أَهْلَكْتُ مَالاً لُبَداً﴾ [البلد: ٦].

بەڵام وشەی کثر و پێکهاتەکانی، لە نەوەد شوێن لە قورئاندا هاتووە، وەك ئایەتی: ﴿أَضْعَافاً كَثِيرَةً﴾ [البقرة: ٢٤٥] و زۆر شوێنی تر.

ئەگەر هەڵوەستەیەك بکەین و لە هەقیقەتی ئەم وشە ڕابمێنین، ئەوە پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ فەرهەنگەکانی

زمان، بۆ ئەوەی لە بنەڕەت و بنجوبنەوانی ئەم وشەیە حاڵی ببین، ئینجا دیقەت بدەین داخوا چ لە قورئان، چ لە سوننەت چۆن بەکار هاتووە.

بەڵام وشەی (جم)، زۆر مانا هەڵدەگرێ و لە گەڵ زۆر وشاندا کۆ دەبێتەوە. دەڵێن: [ جَم يَجِم ويَجُم جُمُومًا ] واتە: زۆر بوو و کۆبووەوە، هەروەها (وجم المال) ئەوە ئەگەر ماڵەکە زۆر بوو.

وەك (أبي خِراشِ الهذلي) شاعیر دەڵێت:

" إن تغفر اللهم تغفر جمًا .... وأيُّ عبد لك لا أَلَمَّا"

هەروەها لە ئاشتەوایی حودەیبیەدا، لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) هاتووە کە دەفەرموێت: (فإن شاؤوا أن يدخلوا فيما دخل فيه الناس فعلوا، وإلا فقد جموا)، (رواه البخاري) واتە: ئەگەر ویستیان بەو شوێنە بچنە ژوور کە خەڵکی پێیدا ئەچنە ژوور، ئەوە ئەچنە ژوور، دەنا با ئیسڕاحەت بکەن.

ئیبن مەنزوور دەڵێت: یانی ئەگەر ئیسڕاحەتیان کردو زۆر بوون.

خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَتُحِبُّونَ الْمَالَ حُبّاً جَمّاً﴾ [الفجر:٢٠]، یانی: ماڵ و سامانتان زۆر خۆش گەرەکە. هەروەك لە ئیبن عەبباس و غەیری ئەو (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە، کە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموون: ئەوان ماڵی زۆریان زۆر خۆش دەویست.

هەروەها وشەی (غدق)، بنەڕەتەکەی واتە: لێزمەو زۆری، کە دەڵێن: (الغَدَق) واتە: گەلێ زۆر. وەك دەڵێن: (غَدِقت عين الماء تَغدَق غَدَقًا) واتە: بە لێزمە هات تا ئاوەکە زۆر بوو. هەر بۆیە بەوساڵەی بارانی زۆری لێ ببارێت دەڵێن: (الغَدَق) ، وەك ئەم دوعایەی باران بارین کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەیکرد دەیفەرموو: (اللّٰهُمَّ اسقنا غيثًا مغيثًا مريئًا طبقًا مريعًا غدقًا ..) [رواه ابن ماجه] یان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَلَّوِ اسْتَقَامُوا عَلَى الطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَاهُمْ مَاءً غَدَقاً ﴾ [الجن:١٦]. واتە: ئەگەر ئەوانیش هەر لە سەر ئەم ڕێگەیەبن، بێگومانە لە ئاوێکی زەبەندە تێراویان دەکەین.

هەروەها وشەی (لبد)، بنەڕەتی وشەکە لە زماندا، بە مانای کۆکردنەوەی شت و بەسەر یەك کەلەکەردنیان دێت، مەدلوولی وشەکەش هەر بە مانای زۆر بوون دێت، وەك دەڵێن: (لبد الشي باشيء يلبد) ئەوە ئەگەر هێنێك لەسەر هیندێکیان کەلەکە بکرێت. هەروەها بە کۆمەڵێ لە خەڵك دەڵێن: (لبد).

هەروەها لە سوننەدا (لبد) گەلێکی وا لە فەرموودەکاندا هاتوون، کە هەر ئەو مانایە دەبەخشنەوە. وەك لە فەرموودەکەی (حفصة) هاتووە، کە لە دوای حەج بە پێغەمبەری فەرموو: بۆچی ئیحرامەکە ناشکێنیت؟ پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) فەرمووی: «إني لبَّدت رأسي» [رواه البخاري] واتە: سەری خۆم بەستووە. هەروەها وشەی (التلبيد) بەو کارە ئەڵێن: کە ئافرەت چەسپێك بە کار دێنێت بۆ ئەوەی قژەکانی بەسەر یەکەوە بلکێنێ و ببسەتێتەوە، تاکو خاو نەبنەوەو نەبنەوە. هەر بۆیە بەم کارەی ئافرەتیش دەیکات دەگوترێت: (الکثرة)، واتە: کۆکردنەوە.

ئەم وشەیە لە قورئاندا لە دوو شوێنان هاتووە، وەك باسمان کرد، لەوانە ئایەتی: ﴿كَادُوا يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا﴾ [الجن:١٩] یانی: خەریکبوون لە سەر پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) بکەونە سەر یەك، ئەوکاتەی کە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) ئاینەکەی خۆی ئاشکرا کرد و عەرەبەکانیش بۆ ئەوەی ئەم ڕووناکییە بەرزەی ئیسلام بکوژێننەوە هاتن ئازاری پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) بدەن، بەڵام خوا سەری خست و لە دەست دوژمنانی ڕزگار کرد.

هەروەها لە حەسنی بەسری (بە ڕەحمەتبێت) دەگێڕنەوە سەبارەت بە ئایەتی: ﴿كَادُوا يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا﴾ دەڵێت:

عەرەبەکان زۆر نەما بە یەکەوە بکەونە سەری. هەروەها سەعیدی کوڕی جوبەیر (بە ڕەحمەتبێت) دەڵێت: واتە: کەلەکە بوون لەسەری، ئیبن عەبباسیش (خوا لێی ڕازی بێت) هەروا دەڵێت.

هەروەها قسەی تریش سەبارەت بەم ئایەتە هەیە، هەروەك ئیبن عاشوور، لە بابی چواندن و وێکچوون (التشبيه والتمثيل) دەڵێت: ئایەتەکە وا دەگەیەنێت: کە بێیاوەڕەکان کاتێ کە گوێیان لە بانگەوازی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بوو خەریك بوون تێکڕا لێی کۆببنەوە، هاتن و لێی نزیك بوونەوەو گوێیان گرت داخوا چی دەڵێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕقوقینێکی زۆر چڕو بوغزاوییان لەدژیدا لەدڵدا پەنگببووەوە.

لە شوێنی تریش: خوا دەفەرموێت: ﴿يَقُولُ أَهْلَكْتُ مَالاً لُبَداً﴾ [البلد: ٦].واتە: ماڵ و سامانێکی زۆر، کە لەسەر یەك کۆبکرێنەوەو کەڵەکە بکرێن.

بەڵام ماددەی (كثر) ئەو شتەیە لەدژی کەم بەکار دەبردرێت، وەك دەڵێن: (كَثُرَ ماله يكثُر كثرة فهو كثير) .

لە سوننەتی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) سەبارەت بەم وشەیە زۆر شت هاتووە، ئەو کاتەی کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕووبەڕووی یارانی ئەوێستێ و قسە دەکات،

ئایەتی: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ إِنَّ زَلْزَلَةَ السَّاعَةِ شَيْءٌ عَظِيمٌ ﴾ [الحج: ١] دەخوێنێتەوە، پاشان دەفەرموێت: (... إنكم لمع خليقتين، ما كانتا مع شيء إلا كثَّرتاه: يأجوج ومأجوج ... ) [رواه الترمذي] .

یان دەبینین باس لەو ڕۆژە دەكات كە مسوڵمانان تێیدا ژمارەیان زۆرە بەڵام میللەتان زۆر بێمنەتانە كەوتوونەتە سەریان و وەك بخۆر دەمیان تێوەرداون، فەرمووی: « ...بل أنتم یومئذ كثیر، ولكنكم غثاء كغثاء السیل ... » [رواه أبو داود] . واتە: ئێوە لەو ڕۆژەدا گەڵ زۆرن، بەڵام زۆریتان وەكو بڵق یا پووش و پەڵاشی سێڵاو وان.

وەك باسمان كرد كە دەستەواژەی (كثر) بە پێكهاتەكانییەوە لە قوڕئاندا نزیكەی لەنەود شوێن یا زیاتر هاتووە. لە زۆربەی شوێنەكان وەك ئاوەڵناو هاتووە، وەك دەفەرموێت: ﴿خَيْراً كَثِيراً﴾ [البقرة: ٢٦٩] ، لە هێندێ شوێنی كەمیشدا وەك حاڵەت هاتووە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: وَاذْكُرْ رَبَّكَ كَثِيراً (آل عمران: ٤١) ، لە هێندێ شوێنان لە مەقامی ناودا هاتووە، وەك دەفەرموێت: ﴿مِنْهُمْ أُمَّةٌ مُقْتَصِدَةٌ وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ سَاءَ مَا يَعْمَلُونَ﴾ [المائدة: ٦٦] ، لە هێندێ شوێنان لە مەقامی كردارەوە هاتووە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ قَدِ اسْتَكْثَرْتُمْ مِنَ الْأِنْسِ وَقَالَ أَوْلِيَاؤُهُمْ مِنَ الْأِنْسِ﴾ [الأنعام: ١٢٨] ، هەروەها بە دارِشتەی ئاوێتە لە دوو

شوێنـان هاتووە، یەکەم: خوا دەفەرموێت: ﴿اعْلَمُوا أَنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِي الْأَمْوَالِ﴾ [الحديد: ٢٠] دووەم: دەفەرموێت: ﴿أَلْهَاكُمُ التَّكَاثُرُ ﴾ [التكاثر:١] مەبەست لەم دوو وشەی (التكاثر) یش کە لە دوو ئایەتەکە هاتووە، بریتییە لە خۆ بەزۆر زانین لە بوونی ماڵ و منداڵی زۆرەوە، ئەمەش ئەگەر لە ڕووی فەخرو شانازیەوە ئەم هەستەی هەبێت، شتێکی زەمکراوە، چونکە کۆسپێك ئەخاتە بەردەم ئەو کەسە تا نەتوانێت بۆ ئاخیرەتی ئەسپی خۆی تاودات و بە دینی خۆی سەرقاڵ ببێت.

ئەگەر وشەکانی: (جمم) و (غدق) و (لبد) تێکڕا لە مانای (الكثرة) ئاوێتە ببن. کەوابوو کۆکبوون لەسەر ئەم مانایە، ئەوە ناگەیەنێت کەوا لە هەموو ڕوێکەوە ڕێك بکەونەوە، بەربەستیش نییە لەوە کە لە نێوانیاندا هێندێ جیاوازی زمانەوانی هەبێت. هەروەك ئەبینین کە لە هێندێ شوێناندا جیاوازیان خستۆتە نێوان دەستەواژەکانی (الجم) و (الكثرة) وە، کەوا دەستەواژەی (الجم) بریتییە لە زۆری لەگەڵ کۆبوونەوە، بەڵام دەستەواژەی (الكثرة) بە مانای کۆبوونەوە دێت، کە ڕەنگە لە هێندێ شوێنانیش بەو مانایە نەیەت.

هەروەها وشەی (الجم) بریتییە لە زۆری لەگەڵ مکوڕبوون، بەڵام وشەی (الكثرة) ئەو مانایە ناداتەوە. هەروەها وشەی

(الغدق) ، لەگەڵ ئەوە بەمانای زۆری دێت بەڵام بەمانای جموجووڵ و ڕێچکەکردن دێت، بەڵام وشەی (الجم) و (الكثرة) ، ئەم مانایە ناگرنەوە. هەروەها وشەی (لبد) بە مانای (الكثرة) دێت، بەڵام هەرسێ وشەکەی تر بە تەنها ئەوە ناگرنەوە.

بە گشتی، دەستەواژەی (كثر) بنەڕەتکەی (الكثرة) یە، سێ دەستەواژەکەی تر لەم وشەی (كثرة) ەوە مانا دەگرن و بۆ لای ئەو دەچنەوە. ڕەنگە هەر بە هۆی ئەم مانایەشەوەیە کە وشەی (الكثرة) لە قورئاندا زۆر بەکار هاتووە.

---

سەرچاوە: سایتی ئیسلام ویب.

وەرگێڕانی: سایتی دەنگی ئیسلام.